# ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان لە گەشەدان بە زانستە عەقڵییەكان لە سەدەکانی ناوەڕاست ( 6-9کۆچی|12-15زاینی)

**ID No. 3699**

(PP 93 - 106)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.5.7

**حسين عبدالرحمان حسين**        **سەنگەر عبدالله رسول**

بەشی مێژوو- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی ڕاپەڕین

hussein@uor.edu.krd        Sangar.history@uor.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2020/08/09**

**پەسندکردن : 2020/10/01**

**بڵاوکردنەوە : 2020/12/10**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر دۆخی زانستە پەتییەکان لە وڵاتی کوردان لە ماوەی نێوان سەدەکانی(6-9کۆچی| 12-15زاینی ). بەواتایەکیتر دەرخستنی ڕۆڵی زانایان و دامەزراوە زانستییەکان لەسەر پێشکەوتنی زانستە عەقڵییەکان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە پێگەی وڵاتی کوردان لە بواری زانستە پەتییەکان لەو ماوە مێژووییە دەخرێتەڕوو، بەهۆی ئەوەی کەمتر لاکراوەتەوە بەسەر ئەم بابەتانەدا و توێژەرانی پێشوو زیاتر سەرنج و لێکۆڵینەوەکانییان بە ئاڕاستەی ڕووداوە سیاسی و جەنگییەکان بووە. بۆیە بەگرنگزانراوە دەرگای لێکۆڵینەوەکان بەڕووی ئەم جۆرە بابەتانەدا بکرێتەوە و بتوانرێت پێگەی زانایان لە زانستە پەتییەکان لەوڵاتی کوردان وەدەربخرێت. توێژینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە کە: لە تەوەری یەکەمدا باس لە ئاینی مەسیحی و ناوەندەکانی و کاریگەری لەسەر کورد کراوە. لە تەوەری دووەمدا ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان و بەرهەمەکانیان لە کایەی مێژوو و فەلسەفدا خراوەتە ڕوو. لە تەوەری سێیەمدا ڕۆڵ و بەرهەمی زانایانی وڵاتی کوردان لە زانستەکانی ژمێرە و کیمیا و فەلەکناسی و پزیشکی باسکراوە.

**کلیلە وشە:** خوێندنگا، شارستانییەت، زانستە عەڵییەکان, زانستە نەقڵییەکان، زانستە پەتییەکان، ژیربێژی.

## 1. پێشەكی

توێژینەوە دەربارەی زانا و زانستەکان لە وڵاتی کوردان کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی زانیاریەکان پەرش و بڵاون و پێویستی بە ماندوبون و گەڕانێکی زۆرە لە سەرچاوەکان هەتاکو بتوانرێت زانیاری لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی زانستی لەبارەی ئەم ناوچەیە بەدەست بخەی. لەلایەکی دیکە ناساندنی زاناکان و دیاری کردنی ڕەچەڵەکیان هێندەی تر کارەکەی سەختتر کردووە، لەبەرئەوەی بەشێک لە زاناکان تەنها هەڵگری پاشگری ناوی شار و ناوچەیەکیان. ئەمەش بەڵگەی یەکلاکەرەوە نادات بۆ سەلماندنی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی ئەم زانایانە. هەرچەندە لێکۆڵەرەوانی ئەو بوارە لەسەردەمی نوێدا پاشگری شوێنیان وەك بەڵگەی ڕەگەزی کردۆتە پێوەر و کاری پێکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پێودانگەیە زانستی نییە و مایەی گومانە. لەبەرئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاست فێرخواز بۆ خۆپێگەیاندن گەلێك شار و وڵاتان گەڕاون، هەندێ جاریش پاشگری ناوی شارێك یان ناوچەیەکیان بە ناوەکەیانەوە لکاوە، بەبێ ئەوەی ئەو کەسە خەڵکی ناوچەکە بێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەندێ جار ڕووبەڕووی ئەم گرفتە بووینەتەوە، وەلێ هەوڵمانداوە سەرنج و بۆچوونی خۆمان بە پشت بەست بە سەرچاوە مێژووییەکان بخینەڕوو.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توێژینەوەی زانستی تایبەت ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان لە زانستە عەقڵی و پەتییەکان.

ئامانجی توێژنەوەکە خستنەڕووی بەشێکی گرنگی مێژووی ولاتی کوردانە لە کایەی زانست و مەعریفەدا.

لەم توێژنەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوو پەیڕەو کراوە، بەوەی زانیاریەکان لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان وەرگیراون و پاشان بەراوردکاری کراوە لەنێوان ئەو سەرچاوانەی زانیاری هاوشێوە و وەك یەکیان تۆمار کردووە، لەهەمانکاتدا پشت بەستراوە بە چەندین ژێدەر بۆ شرۆڤەکردن و خستنەڕووی بۆچوونی لایەنی کەم نزیك لەڕاستی.

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە سەرچاوە بنەڕەتیەکان زانیاری کورت و تەواونەکراویان خستۆتە ڕوو، بەنمونە باسی کەسایەتیەك کراوە کە زانا بووە لە چەندین زانستی هەمەجۆر، وەلێ باس لەوە نەکراوە بەرهەمی هەیە؟ یان نیەتی؟ یاخود ڕەگەزی زۆرێك لە زاناکان یەکلانەکراوەتەوە کە ئەمش گرفتە.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە کە: لە تەوەری یەکەمدا باس لە ئاینی مەسیحی و ناوەندەکانی و کاریگەری لەسەر کورد کراوە. لە تەوەری دووەمدا ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان و بەرهەمەکانیان لە کایەی مێژوو و فەلسەفدا خراوەتە ڕوو. لە تەوەری سێیەمدا ڕۆڵ و بەرهەمی زانایانی وڵاتی کوردان لە زانستەکانی ژمێرە و کیمیا و فەلەکناسی و پزیشکی خراوەتە باسکراوە.

لەم توێژنەوەیەدا پشتمان بە سەرچاوەی هەمەجۆر لە مێژووی گشتی و تایبەتی و ژیاننامەکان و ژێدەرەکانی نزیك لەو بابەتە بەستووە، ولێ لەبەر قەبارەی توێژینەوەکە لێرەدا دامان نەناوێ، دەتوانن لەلیستی سەرچاوەکان سەیریان بکەن.

**١.ڕۆڵی دامەزراوە ئایینیەکان لە وڵاتی کوردان**

بەدرێژایی مێژوو ناوچە و وڵاتی کوردان شوێنی بڵاوبنەوە و لەخۆگرتنی ئایینەکان بووە. سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە پەیڕەوانی ئایینی جوو، مەسیحی، صابیئیەکان لە کوردستان ژیاون ( ادی شیر، 2007،ج2،ص12-15). بۆیە کاریگەری بەرفراوانیان لەسەر کەلتور و لایەنی ڕۆشنبیری دانیشتوانەکەی هەبووە. ئەوەی دیار و بەرچاوە ئایینی مەسیحی هەر لەسەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی لەسەدەی دووەم و سێیەمی زاینی لە ناوچە کوردییەکان بڵاوبووتەوە ( دی شیر، 2007، ج2، ص27-35 ؛ خلیل، 1980، ص478).

ناوچەکانی هەولێر کە لەسەرچاوەکانی ئەوکاتە بە ( حدیاب) تۆمارکراوە، ناوەندی بڵاوبنەوەی ئایینی مەسیحی بووە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کورد لەو ناوچەیە دەبن بە بڕواداری ئایینەکە ( ادی شیر، 2007، ج2، ص30). لەسەدەی چوارەمی زاینی ناوی چەند کەسێك دێت کە وەکو قەشە هەڵبژێردراون بۆ کەنیسەی هەولێر، کە بریتین لە ( مار ابراهام اربیلی) تا ساڵی (345ز) قەشە بووە، هەروەها ( یوحنا الاربیلی) تا ساڵی (346ز) وەکو قەشەی کڵێسەی هەولێر خزمەتی کردووە ( ادی شیر، 2007، ج2، ص106،126). لە کۆتایی سەدەی یەکەمی زاینی باس لە قەشەیەك دەکریت بەناوی ( ادی مار) وەك یەکەمین مژدەدەر رووی لە ناوچەکانی ( کرخا)ی ئێستای کەرکوك کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی ( ادی شیر، 2007، ج2، ص31 ؛ مراد کامل واخرون، 1987، ص63).

دوابەدوای دروستبوون و سەرهەڵدانی کێشەی مەزهەبی لە نێو خودی ئایینی مەسیحی، مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بە ( نسطوری[1]) و ئەوانەی ژێر دەسەلاتی ئیمپرتۆریەتی رۆمانی بە ( الملکانی[2]) ناسران ( فلیب حتی، 1957، ج1، ص412). لە ململانیی نێوان ئەم دوو مەزهەبە ئەوانەی بە دەرچوو لە ئاین ناوزەندەکران و دەچەوسێندرانەوە لەلایەن مەزهەبی سەردەستە کە لەلایەن ڕۆمانەکانەوە پشتگیری دەکران، لە پێناو رزگاربوون لە ستەم و چەوساندنەوە، بەشیکیان روویان لە شاخەکانی وڵاتی کوردان کردووە. ئەمەش هۆکاربووە کە ڕۆژ لە دوای رۆژ پەیڕەوانی ئاینەکە روو لە هەڵکشان بکات. ئەمە سەرباری ئەوەی زمانی ئارامی هۆکارێکی دیکەی بەهێز بوو بۆ خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینەکە لە کوردستان، چونکە جولەکەکان کە لە کوردستان نیشتەجێبوون زمانەکەیان لقیکە لە زمانی ئارامی، هەروەها پەیرەوانی مەسیحی لەناوچەکە زمانی سریانیان بەکارهیناوە دیسان لقیك بووە لە زمانی ئارامی و دواتر بووە بە زمانی فەرمی ئاینی مەسحی لە ڕۆژهەڵات ( ادی شیر، 2007،ج2، ص4). ئەمە سەرباری ئەوەی دوای بەستنی کۆنگرەی ئەفسوس لە (431ز) کە تێیدا نەستوریەکان بە لادەر و دەرچوو لە ئایین ناسێندران و لەلایەن دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییەوە توشی ئازار و چەوساندنەوە بوونەوە ( حبیب بدر واخرون، 2001، ص 202)، روویان لە شاخەکانی کوردستان کردووە کە ئەوکاتە بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی ساسانیەکان دابوو. ساسانییەکانیش بە ئامانجی بەکارهینانیان دژ بە ڕۆمانییەکان باوەشیان بۆ نەستوریەکان کردوووەتەوە ( هەرشەمی، 2019، ل145).

بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی سەرەوە لەلایەك، لەلایەکیتر سەرچاوە مێژووییەکانی موسوڵمانان لە چوارچێوەی هەواڵ و زانیاری پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچەکە، باسیان لەوە کردووە کە کوردەکانی ئەوکاتە بەشێکی زۆریان سەربە ئاینزای ( یەعقوبی[3]) مەسیحی بوون ( یاقوت الحموی، 1995، ج5؛ ص288-289).

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی چەندین کەنیسە و دێر لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی کوردان دروستکران. ئامانج لە دروستکردنی ئەو دامەزراوە ئاینایانە جێبەجیکردن و پەیڕەوکردنی پەرستش و سروتە دینیەکان بووە، بەڵام دواتر بوون بەناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و فێرکردن. لە دێر و کەنیسەکاندا کتیبخانەی گەورەی تیدابووە کە سەدان دەستنووس و کتێبی تێدا

کۆدەکرایەوە و سەرباری ئەوەی هەر لەناو ئەو دامەزراوە ئاینیانەدا پرۆسەی فێرکردنی منداڵان بەڕێوەچووە ( خلیل، 1980، ص480).

لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دێر و کەنیسە بنیاتنراوە و ڕۆڵی بینیووە لە بڵاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیری. لەدوای بڵاوبنەوەی ئایینی مەسیحی لە شارەزوور ( ادی شیر،2007،ج2، ص18)، کەنیسەیەکی گەورە بنیاتنراوە. بە بەڵگەی ئەوەی لە ململانێی نێوان رۆم و ساسانییەکان لە ساڵی (603ز) کە ماوەی 25 سالی خایاندووە باس لەوە دەکرێت فەرماندەی ساسانی لە شارەزوور بەناوی ( راد) وەکو تۆڵەکردنەوەیەك لەئەنجامی دۆڕانیان بەرامبەر رۆمەکان لە سالی (618ز) هەستاوە بە ڕووخاندنی کڵێسەی نەستوری لە شارەزوور. لە ئەنجامدا قەشەی شارەکە بەناوی ( ئەتنائیل) شۆرشی دژ بە ساسانییەکان راگەیاندووە، بۆیە ( راد) هەڵاتووە بۆ لای کیسرا و شکاتی ئەوەی لیکردووە کە قەشەی شارەزوور دەیەوێت بیکوژێت. دوای ئەوەی ڕاپەرینی مەسیحیەکان کپکرایەوە و قەشەی شارەکەش لەسێدارە درا، یەعقوبییەکان دەستیان بەسەر کەنیسەی شارەزووردا گرتووە و ( ئیزدونە)یان بە قەشەی گشتی شارەکە دیاریکردووە تا ساڵی (625ز) ( هەرشەمی، 2019، ل184-185). لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕادەی کاریگەری و ژمارەی مەسیحیە نەستوریەکان لە شارەزوور چەندە بەهیزبووە کەتوانیویەتی ببێتە هەڕەشە لەسەر فەرماندەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی.

لەدەرەنجامی ململانیی هەردوو ڕێبازی ئایینی مەسیحی نەستوری و یەعقوبییەکان کە نیشتەجێی کوردستان بوون ( ادی شیر، 2007، ج2، ص62)، بەدەیان و سەدان دێر و کەنیسە لە گۆشە و کەنارەکانی وڵاتی کوردان بنیاتنرا. ئەو پەرستگایانە شوێنی کۆکردنەوەی کتیب و دەستنووس و لەبەرگرتنەوەی کتیبەکان بوون. ئەو ناوەندانە بوون بەهۆکاری گەیاندنی شارستانییەتی گەلانی کۆن بە شارستانییەتی ئیسلامی. مەسیحیەکان سەرباری ئەوەی بە گومانەوە سەیری فکر و فەلسەفەی یۆنانیان دەکرد، بەڵام نەستوری و یەعقوبییەکانی کوردستان بەهۆکاری جیاوازی مەزهەبی، گرنگیان بە هزر و شارستانییەتی یۆنانی داوە. لە کتیبخانەی دێرەکاندا بە دەیان و سەدان کتیبی یۆنانی پارێزراوە و پاشان وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی سریانی کە زمانی فەرمی کەنیسەبووە لە ناوچەکانی خۆرهەڵات. دوای ئەوەی ئەو ناوەندانە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان، مەسیحییەکان رۆڵی گەورە و دیاریان دەبێت لە گواستنەوەی فکر و فەلسەفەی یۆنانی بۆ ناو شارستانییەتی ئیسلامی. وەرگێرکارانی سریانی کە لە هەناوی کەنیسە پەروەردەکرابوون سەدان کتیب و دەستنووسی یۆنانیان لە زمانی سریانی و یۆنانی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی (الشابشتی، 1998، 49).

بەشێکی زۆری کەنیسە و دێرەکانی کوردستان بوون بە ناوەندی کۆکردنەوە و پاراستنی شارستانییەتی گەلانی کۆن بەتایبەت یۆنانی. لە گرنگترینی ئەو ناوەندانەش بریتیە لە کەنیسە و دێرەکانی شاری روها یان ئورفە کە ئیستا دەکەویتە کورستانی تورکیا. شاری روها شوینێکی گونجاوبوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، بۆیە زۆرینەی خەڵکەکەی لەسەر ئایینی مەسیحی بوون. بە پێی سەرچاوەکان لە سەنتەری ناوشارەکەدا ژمارەیەکی زۆر کەنیسە هەبووە کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی سێسەد کەنیسە. دێرەکانی شاری روها ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە وەرگێڕانی کتێب و دەستنووسی یۆنانی بەتایبەت کتێبەکانی ئەرستۆ بۆ سەر زمانی سریانی ( ادی شیر، 2007، ج2، ص300 ؛ سلیمان، 1899، ص3). لە ناودارترین دێرەکان ناسراوە بە ( الروها المزینة). لە دێرکانی شاری روها زمانی یۆنانی و سریانی بەکارهێنراوە و گرنگی بە فەلسەفەی یۆنانی دراوە ( ادی شیر، 2007، ج2، ص159-161 ؛ فلیب حتی، 1957، ج1، ص409).

شاری ( نصیبین) یەکیکی دیکەبوو لەو ناوچانەی کە لە ساڵی (301ز) ئایینی مەسیحی تێدا بڵاوبوویەوە و ژمارەیەکی زۆر کەنیسە و دێری مەسیحی تێدا بنیاتنراوە (ادی شیر، 2007، ج2، ص65). قەشە ( یعقوب مار افرام) لە ساڵی (309ز) یەکەمین قوتابخانەی لە رۆژهەڵاتی شاری نوسەیبین دامەزراندووە. یەکێك لە مامۆستا دیارەکانی قوتابخانەکە بریتیبووە لە ( مار افرام النصیبینی) کە هەر لە شارەکەدا لەدایکبووە، ئەو پیاوە بۆماوەی سی و هەشت ساڵ خزمەتی خوێندنگاکەی کردووە وەك مامۆستا تا ساڵی (368ز) ( ادی شیر، 2007، ج2، ص65-66 ؛ 70-71) . یەکێك لە خوێندکارەکانی قوتابخانەی نوسەیبین ناوی ( جبرائیل ثورثا)بووە کە لەبنەڕەتەوە خەڵکی ناوچەی شارەزوور بوو. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە چەند شوێنێك وەکو بەرپرسی باڵای کەنیسە رۆڵیگێراوە ( ادی شیر، 2007، ج2، ص315). لە دیارترینیان کەنیسەیەك بوو بەناوی ( ماراوجین) کە کەوتووەتە قەدباڵی ساخی ( المترف). دێری ( قنی) کە لەلایەن ( مار ماری)یەوە دروستکراوە، خاوەن خوێندنگا و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بووە. لە دیارترین خویندنگاکانی شارەکە ناسراوە بە خوێندنگای ( متی بن یونس) ( الحموی، 1998،ج2، ص159-164). هەروەها دێرەکانی ( زعفران، دیر مار اوحیی و دیر مار یوحنا) لە شاری نوسەیبین خاوەن کتیبخانە و خوێندنگای تایبەت بەخۆیان بوون ( الشابشتی، 1998، ص265). بەتەنها کتێبخانەی دێری ( زعفران) کە دێرێکی گەورەی شاری نوسەیبین بووە نزیکەی ( 300) موجەڵەد

دەستنووسی سریانی و عەرەبی لەبوارەکانی مێژوو، زمان و لاهوت تیدابوو کە لەلایەن زانایانی سریانییەوە نووسراون و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی نۆیەمی زاینی ( برصوم، 1917، ص144). هەر لە دێر و کەنیسەکانی شارەکە، ژمارەیەك کتێب و دەستنووس لە زمانی یۆنانی بۆسەر زمانی سریانی وەرگێڕدراون ( ادی شیر، 2007، ج2، ص300 ؛ سليمان، 1899، ص3). بابەتە وەرگێڕادراوەکان تایبەت بوون بە بواری فەلسەفە و پزیشکی کە دانراوی ئەرستۆ و جالینوس بووە ( حبيب بدر واخرون، 2001، ص159-160) . ئەمەشە دەرخەری ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا شارەکانی کوردستان کەرستە و پێداویستی زانستی بەردەستبووە، دەگونجێت زانا و رۆشنبیرانی ئەم ناوچەیە لەو سەردەمەدا دەستیان راگەیشتبێت بەو سەرچاوانە و کاریگەریان لەسەر بەرەوپێشبردنی دونیابینی و نووسینی ئەوان هەبووبێت. دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی زینون خویندنگای شاری روهای داخست، ( ماريرصوم) رووی کردووەتە شاری نوسەیبین و خوێندنگای تیدا دامەزراند و دەستیکردووە بە بڵاوکردنەوەی کلتور و رۆشنبیری یۆنانی، کە فەلسەفە، بیرکاری و ئەندازیاری لە چوارچێوەی بابەتە دینیەکان لە خوێندنگاکانی کەنیسە و دێرەکاندا خوێندراوە ( فليب حتى، 1998، ج1، ص409).

ئەمە سەرباری ئەوەی لە دیاربەکر و میافارقین ژمارەیەکی زۆر دێر و کەنیسە هەبووە و ڕۆڵی باڵایان بینیووە لە بزاوتی ڕۆشنبیری و زانستی ناوچەکە، بەتایبەت لە وەرگێڕانی کتێب لە زمانی یۆنانی بۆ زمانی سریانی ( ادی شير، 2007، ج2، ص298). لە شاری میافارقین دێری ( برقوما) ( الشابشتي، 2007، ص362)، و دێری ( الزرنوق و ايون)، ( مار يوحنا) لە جەزیرەی ئیبن عومەر هەڵکەوتووە. ژمارەیەکی زۆر بیرمەندی گەورە لە خویندنگای ئەو دێرانە دەرکەوتوون، لەوانە ( عبد يشوع بربر بخا) کە گرنگی بە فەلسەفە، مێژوو، لاهوت و بابەتەکانی زمان داوە، ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی نووسراوی هەیە، بەتایبەت لەسەر فەلسەفەی ئەرستۆ (الحموی، 1998، ج2، ص200-201).

شاری حەران یەکێکی دیکەیە لەو ناوچانەی کە بووە بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یۆنانی و ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە لە بەرەوپێشووەچوونی بزاوتی زانستی و هزری لە ناوچە کوردییەکان لە سەردەمی ئیسلامیدا. خەڵکی شارەکە لەسەر بیروباوەڕێکی ئایینی دیاریکراو نەبووە، تێکەڵەیەك بووە لە بڕوادارانی صابئی و مەسیحی و فەیلەسوف و لایەنگرانی فەلسەفەی یۆنانی (البيرونی، 2008، ص392). لەدەرەنجامی ململانێی نێوخۆی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و فشارخستنە سەر ئەوکەسانەی کە خەریکی فەلسەفەی یۆنانی بوون، ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەند و هەواداری شارەزای شارستانییەتی یۆنانی کۆچیانکردووە بۆ شارەکە. بۆیە شاری حەران وەکو ناوەندێکی گەورە و کاریگەر رۆڵی گێراوە لە ناوچە کوردییەکان. لە خوێندنگای حەران بە دەیان و سەدان کتێب و دەستنووسی فکر و فەلسەفەی یۆنانی کۆکرایەوە و پارێزرا، تا لە قۆناغ و سەردەمی دەسڵاتداری ئیسلامیدا رۆڵی دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی لایەنی زانستی و هزری ئەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی بەجێدێڵێت( زغلول2002، ص51-52).

دوای سەرکەوتنی بەسەر رۆمانەکان و دروستکردنی شاری جونديسابور لەلایەن ( شاپوری کوری ئەردەشێر)، ژمارەیەکی زۆر دیلی رۆمانی لە جونديسابور نیشتەجێکرد، ئەمە بووە هۆی بڵاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیری یۆنانی. هەڵبەت دوای داخستنی خویندنگای روها یان ئورفە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە ساڵی (489ز)، ژمارەیەکی زۆر فەیلەسوف و بیرمەندانی یۆنانی کۆچیانکرد بۆ شارەکە و بوون بە هۆکاری بەهێزبوونی خوێندنگاکەی شارەکە ( زغلول، 2002، ص65). بە پیی هەندیك ئاماژە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شاری جنديسابور لە کورد پێکهاتوون ( المقديسی، 1991، ص408). بۆیە دوور نییە هەر لێرەوە زانا و کەسایەتی کوردی پێگەیشتبێ و لەسەردەمی ئیسلامیدا ڕۆڵیان گێڕابێت لە وەرگێڕانی کتێب و دەستنووسی گەلانی کۆن لە زمانی فارسیەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کتیبخانە و خوێندنگای دێر و کەنیسەی مەسیحی و پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکە کاریگەریان لەسەر رۆشنبیری ناوچە کوردییەکان هەبووە لەسەردەمی ئیسلامیدا، بەتایبەت دوای بنیاتنانی مزگەوت و خانەقاکان و لەچوارچێوەی ئەو دامەزراوە ئاینیانەشدا پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن گەشەی پێدراوە و چەندین زانا و ناوداری کورد بەدەرکەوتوون. ئەوەی کە جێگەی سەرنج و لەسەر وەستانە سەرباری ئەوەی پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی کە لە کوردستان بڵاوبوون و خوێندنگە و کتیبخانەیان لە چوارچێوەی دێر و کەنسەکاندا هەبووە، بەڵام لەسەرچاوەکاندا ناوی هیچ کەسایەتیەکی کوردی بەرچاو ناکەوێت کە لە بزاڤی وەرگێڕانی فەلسەفە و هزری یۆنانی لە زمانی سریانی بۆ سەر زمانی عەرەبی ڕۆڵی بینیبێت ( برصوم، 1917، ص53، 146).

سەرنجێکی دیکە کە جێگەی تێڕامان و لەسەر وەستانە ئەوەیە کە لەسەردەمی ئیسلامیدا و بەر لە شاڵاوی مەغۆل بۆسەر کوردستان بەدەگمەن ناوی زانایەکی کوردی یان قوتابخانەیەکی بەناوبانگ بەرچاو دەکەوێت، لەکاتێکدا دوای داگیرکاری مەغۆل و ئاوارەیی و دەربەدەری هۆز و خێڵە کوردیەکان بۆ وڵاتی شام و میسر، گوێبیستی دەیان و سەدان ناوی زانای کوردی دەبین. لێرەدا ئەوەی جێگەی پرسیارە، ئەو زانا کوردیانە بۆچی بەر لە کۆچکردنیان لە ناوچەکانی خۆیان لە کوردستان نادیارن و بەرچاو نین.

لێرەدا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین بە پشتبەست بەوەی کوردستان ناوەندی گرنگی دێر و کەنیسەکانی مەسیحی بووە کە لە کتێبخانەکانیان بەدەیان کتیب و دەستنوسی یۆنانیان لەخۆگرتبوو کاریگەری لەسەر پرسەی رۆشنبیری و بەرەوپێشبردنی قوتابخانەکان هەبوو لە سەردەمی ئیسلامیدا. دەگونجێت بەدەیان خوێندنگە و قوتابخانەی گەورە هەبووبێت و زانا و ڕۆشنبیری ناوداری کوردیش وانەبێژی بووبێت و بەرهەم و دانراوی زۆریشیان هەبووبێت. بەڵام هۆکاری دەرنەکەوتنیان ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو سەرچاوانەی کە رووداوەکانی ئەو سەردەمەیان تۆمارکردووە، سەرنجیان لەسەر رووداوە سیاسی و جەنگییەکان چڕکردووەتەوە کە ئەوکاتە لە ناوچە کوردییەکان زۆربووە، لەبەر ئەوەی کاتێك شەر و چالاکی سیاسی لەناوچەیەك بەرپادەبێت، بەناچاری سەرنجی مێژوونووسان دەکەوێتەسەر تۆمارکردنی ئەو ڕووداوانە و سەرجەم چالاکییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگە و ناوچەیە پشتگوێدەخرێت. لەلایەکیترەوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی مێژوونووسەکانیش دووربووە لە ناوچە کوردییەکان بۆیە دەگونجێت بەتەواوی ئاگاداری وورد و درشتی چلاکییە زانستی و رۆشنبیرییەکانی ناوچەکە نەبووبن. کەچی دوای کۆچکردنیان دۆخەکە تەواو جیاوازە، کوردەکان لەناو کۆمەڵگەی ئەوکاتەی شام و میسر رۆڵیان پێدراوە و لەناو رووداوەکاندابوون، ئەوانەی مێژووی ئەو سەردەمەیان تۆمارکردووە هەر لەو ناوچەیە نیشتەجێبوون، بۆیە کاتێك بە چالاکیەکی زانستی هەستاون بوونەتە جێی سەرنجی مێژوونووسەکان و کارەکانیان لە چوارچێوەی رووداوەکانی ئەو سەردەمە تۆمارکراون. بەتایبەت ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە کوردەکان لەم قۆناغەدا بەتەواوی لە چالاکی سیاسی دابڕاوبوون، بەهۆکاری ئەوەی کە لەناوچەکانی خۆیان ئاوارەی شوێنی دیکەبوون و هێز و توانای خۆیان لە بڕی چالاکی سیاسی لەسەر لایەنی زانستی چڕکردبووەوە.

1. **ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان لە پێشخستنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان**

**یەکەم: زانستی مێژوو**

مێژوو بە یەکێك لە زانستە گرنگەکان هەژمار کراوە بەتایبەت لە ڕۆژگاری سەرەتاکانی ئیسلام بەوەی نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (ص) (ابن اسحاق، 1978، ص14-20) و خەلیفەکان (أبو محمد المصری، 1984، ص24-151)و تۆمارکردنی جەنگەکان (الواقدی، 1989، ج1، ص384-411) و ڕەچەڵەك (البلازری، 1996، ج1، ص46-151) بوونە بابەتی سەرەکی مێژوونووسان (السید عبدالعزیز سالم، 2008م، ص26). بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و هاتنە ئارای ڕووداوەکان و گەشەکردنی زانست و دەرکەوتنی ناوەندە زانستییەکان بەهای مێژوو هەڵکشا و نووسینەوەی مێژوو لەلای مێژوونووسەکانی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی کوردان بووە خولیا و هاوشێوەی زانایانی دیکەی سەردەمەکەیان ڕۆڵێکی کارا و کاریگەریان بینیووە. بەنموونە (احمد بن یوسف بن علی بن الازرق الفارقي (510ك/1116ز-بعد577ك/1176ز) کە ناسراوە بە فارقی، مێژوونووس و نووسەرێکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستە (الزرکلی، 2002، ص273)، لە خانەوادەیەی کوردی باڵایە (نوال ناظم محمود-وفاء عدنان حمید، 2017م، ص338) و خەڵکی میافارقینە و لەوێ لەدایکبووە و پێگەیشتووە، گەشتی زانستی کردووە بۆ بەغدا و وڵاتی فارس و جزیرە و ئەرمینیا و شام(الزرکلی، 2002، ص273)، ئەزموونی ژیانی وایکرد هەڵسێ بە نووسینی کتێبە ناودارەکەی بەناوی (تاریخ میافارقین وامد) لەم کتێبەدا بە مێژووی ڕووداوەکانی ڕۆژگاری خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب و هەنگاوەکانی فتوحاتی ئیسلامی دەست پێدەکات، بەتایبەت ئەو ئاڕاستەی بەرەو شام و دواتر میافارقین دەچێت، پاشان سەردەمی ئومەویەکان و ماوەی فەرمانڕەوایەتی جێنشینەکانی ئومەوی و دواتر سەردەمی خەلافەتی عەباسی و ڕۆژگاری فەرمانڕەوای خەلیفەکان یەك لە دوای یەك تۆمارکردووە، هەروەها بەشێکی گرنگیشی بۆ ویلایەتی بەنو حمدان تەرخان کردووە و دواتر بە دوورودرێژی مێژووی ئەمارەتی مەروانی کوردی تۆمارکردووە (بڕوانە: فارقی، 2014، ص83-605). کتێبەکە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی شارەکان، نووسەر لە پەرتووکە کەیدا بەشێك لە زانیاریەکانی پێش سەردەمی ژیانی خۆیەتی و لەڕووی زەمەنەوە دوورە لەڕووداوەکان، بەڵام زانیاریەکانی لە نووسەرانی پێش خۆی وەری گرتووە، بەشی دووەمی زانیاریەکانی هاوسەردەمی ڕۆژگاری خۆیەتی و لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە، ئەمەش لەڕووی میتۆدی زانستیەوە پەسند و جێی بایەخە.

(بهاء الدین أبو المحاسن(539-632ك/ 1161-1234ز) ناسراو بە (ابن شداد) مێژوونووسێکی دیکەی کوردە بە بەڵگەی ئەوەی لە بنەماڵەی شەدادیەکانە و لە موصل لەدایکبووە و لەوێ خوێندوویەتی و قورئانی لەبەرکردووە، بە مەبەستی گەشەپێدانی توانا زانستیەکەی ڕووی کردۆتە بەغدا و قودس و دیمەشق، بەوهۆیەوە ئاستی مەعریفی و زانستی گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا، لەبەرئەوە کراوەتە دادوەری حەلەب، لە پاڵ کاری دادوەریدا خۆشەویستی بۆ مێژوو هەبووە و بەوهۆیەوە کتێبێکی دیاری بەناوی (سیرة صلاح الدین الایوبی= النوادر السلطانیة والمحاسن الیوسفیة) نووسیووە (الذهبی، 2006، ج16، ص275-276؛ الاسنوی، طبقات، 1987م، ج2، ص28-30)، کە تایبەتە بە ڕووداوەکانی ڕۆژگاری سوڵتان صلاح الدین و کارەکانی، سەرەتاش بە لەدایکبوونی

صلاح الدين دەست پێدەکات و دڵسۆزی بۆ جیهاد و هەڵوێستەکانی لە کاتی جەنگ و بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆڕوکۆبوونەوەکانی و پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی زەنگی و ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێردەستی خاچی و گەلێك بەسەرهاتی دیکەی ئەو سەردەمە هەتاکو مردنی (بڕوانە: ابن شداد، 1994، ص31-363). کتێبەکە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی تایبەتەوە، نووسەر هاوسەردەمی ڕووداوەکانە و لەنێویاندا ژیاوە، بۆیە زانیاریەکانی دروست و ووردن، هەرچەندە واتای ئەوەنییە زێدەڕۆی و لایەنگری نەبووە، چونکە ناوبراو نووسەری تایبەتی سوڵتان صلاح الدين بووە.

(محمد بن ابی الهیجاء بن محمد الامير الفاضل عزالدين الهذبانی الاربلی(620-700ك/1223-1301ز) ناسراو بە (ابن ابی الهیجاء)، لە ( اربل) لە دایکبووە، پاشان ڕووی کردۆتە شام و لەتەمەنی گەنجیدا لەگەڵ زانا ناودارەکان دانیشتووە و بەشداری لە کایەی مێژوو و ئەدەب و کەلام دا کردووە، لێهاتووی و کارامەیی لە کایەی زانست دا وایکردووە بە شێخی کوردی بناسرێت، ئەمە جگەلەوەی لە بواری کارگێری دا والی دیمەشق بووە، لە نووسینەوەی مێژووشدا خزمەتێکی گەورەی کردووە و کتێبێکی بەناوی (تاريخ ابن ابی الهیجاء) نووسیووە ( الصفدی، 2000م، ج5، ص112)، لەم پەرتووکەدا نووسەر گەلێك ڕووداوی مێژوویی هەمەجۆری لە ماوەی خەلافەتی عەباسی لەنێوان ساڵانی(358-552ك/968-1158ز) تۆمارکردووە و سنورێکی فراوانی جوگرافی لەخۆ گرتووە، هەروەك لەسنورەکانی نێوان مسوڵمانان و ڕۆمەبێزەنتیەکان دەست پێدەکات تایبەت لە ناوچەکانی حەلەب و حمص و ئەنتاکیە و میافارقین تا دەگاتەوە مصر، لەلایەکی دیکە باسوخواسی مصر لەژێر سایەی ئەخشیدیەکان و دەرکەوتنی بزوتنەوەی قەرمەتی و گەیشتنیان بە دیمەشق و مصر، هەروەها ڕەوشی دەسەڵاتی بەغدا و دەرکەوتنی ئەمارەتێکی وەك حەمدانی و پەیوەندیان بە دەسەڵاتی خەلافەت، باسی کوردانی دیاربەکر و میافارقین و فەرمانڕەواکەیان و هێرشی بەغدا بۆ سەر میر بادی کوردی و کوشتنی لەساڵی(379ك/989ز) و بەسەرهاتی کوشتنی میر بەدری حەسنەوەیهی و دەرکەوتنی سەلجوقیەکان لەڕۆژهەلات و بڵاوبوونەوەیان باسوخواسی نێو ئەم پەرتووکەن، ئەمە سەرەڕای گەلێك باسی دیکە کە ناتوانین ئاماژەیان پێبدەین( بڕوانە: ابن ابی الهیجاء، 1993، ص47-108). هەرچەندە کتێبەکە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی گشتی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت نووسەر زانیاریەکانی زۆر پێش سەردەمی خۆیەتی و وەری گرتووە.

مێژوونووسێکی دیکە کە بە بە ب( درالدين الاربلی) دەناسرێت و ناوی تەواوی (الحسن بن احمد بن زفر(663-726ك/1265-1326ز)ە، لەبواری مێژوو و ئەدەب کاری کردووە، گەشتی بۆ وڵاتی فارس و دیمەشق کردووە و هەر لەوێش مردووە (ابن كثير، 1988، ج14، ص144). خاوەنی دوو پەرتووکە بە ناوەکانی (مدارس دمشق وجوامعها وربطها و حماماتها، روضة الجليس ونزهة الانيس) (الزركلی، 2002، ج2، ص181). وەلێ هێندەی ئێمە لێگەڕاین و بەدواداچوونمان کردووە ئەو سەرچاوانە بەردەست نین.

یەکێکی تر لە مێژوونووسە دیارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بریتییە لە (محمد بن ابراهیم بن ابی بکر الجزری(658-739ك/1260-1338ز) ناسراو بە (شمس الدين ابو عبدالله) لە خێزانێکی زانستی و بەخشندە لە دیمەشق لەدایکبووە، لە دیمەشق و مصر و حیجاز پێگەیشتووە و گرنگی بە مێژوو داوە (ابن حجر العسقلاني، 1972م، ج5، ص27). هەستاوە بە نووسینی کتێبە ناودارەکەی (حوادث الزمان وأنبائه ووفيات الأعيان والأكابر من أنبائه) ناسراوە بە (تاريخ ابن الجزری) (الزركلی، 2002، ج5، ص298-299؛ كحالة، بدون تاريخ، ج8، ص194). ئەم کتێبە کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، لەبەرگی یەکەمدا ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (689-693ك) تۆمارکردووە، بەجۆرێك لە هەرساڵێکدا ئاماژەی بە گەلێك کەسایەتی دیار لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی کردووە کە لەو ساڵەدا مردوون، پاشان ئاماژەی بۆ ڕووداوە سیاسی و سەربازی و گۆڕانە کارگێریەکان و گەلێك ڕووداوی دیکەی جیهانی ئیسلامی لەو پەڕی ڕۆژهەلاتەوە بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوای ئیسلامی کردووە (بڕوانە: ابن الجزری، 1998، ج1، ص7-463). لە بەرگی دووەمدا باسی ڕووداوەکانی نێوان سالانی(725-732ك) کردووە کە تیایدا کەشوهەوای دیمەشق و قاهیرە و ڕەوشی زانستی و ڕووداوەکانی هیند و بەنغال و ماوەی فەرمانڕەوای هەندێ لە پادشاکان...هتد کردووە (بڕوانە: ابن الجزری، 1998، ج2، ص63-100). لەڕاستیدا بەدواچوون و هەوڵی زۆر درا بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵکی ناوبراو، بەڵام بێ ئەنجام بوو، لەبەرئەوەی لەهیچ سەرچاوەیەکدا ناوبراو بە کورد یان نەتەوەیەکی دیکە دا نەنراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوبراو لە توێژینەوەکاندا لەچوارچێوەی مێژوونووسە کوردەکان دانراوە (عبدالكريم محمد المدرس، 1983، ص475-476)، کە دەشێت بەهۆی پاشگری ناوی شوێنی(الجزری)یەوە بوویێت، هەرچەندە لەڕووی زانستیەوە ئەمە دروست نییە، چونکە سەدان زانا و کەسایەتی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست هەن کە پاشگری (الجزری)یان پێوەیە و نازانین سەر بەکام نەتەوەن (بڕوانە: ابن الجزری، 1351هـ، ج1، ص21، 99، 129-614؛ ج2، ص14-411؛ ج3، ص29-164).

مێژوونووسێکی دیکەی کوردی شوانکارە (محمد بن علی بن محمد بن حسین الشبانکاری (ق8ك/14ز) (حاجي خليفة، 1941، ص1598) بەگوێرەی هەندێ زانیاری لەساڵی(697ك/1297ز) لەدایکبووە، کتێبێکی بەناوی (مجمع الانساب) کەناسراوە بە( تاریخ شبانکارە) دەربارەی مێژووی سەفاری، سامانی، غەزنەوی، سەلجوقی، دەیلەم، غوری، پادشاکانی کرمان، پادشاکانی شوانکارەیی و مەغۆل....هتد زانیاری تۆمارکردووە (بڕوانە: محمد علی، 1363، ص19-220). ئەم پەرتووکەش سەربە لقی مێژووی گشتی نەژادەکانی فارسە، وەلێ نووسەر بەشێك زانیاریەکانی پێش سەردەمی خۆی تۆمارکردووە و پشتی بە سەرچاوەکانی پێش خۆی بەستووە، بەشێکی دیکەی هاوسەردەمی خۆیەتی و لێیەوە نزیك بووە.

لە پاڵ زانایان و مێژوونووسان، فەرمانڕەوایانی کوردیش پشکداریان لە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان دا کردووە و بەشێکی گرنگیان لە مەعریفەی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی پێکهێناوە لەوانەش مێژوونووس ( اسماعیل بن علی بن محمود بن محمد بن عمر بن شاهنشاه بن ایوب الملك المؤید 672- 732ك/1273- 1331ز) ناسراو بە ابو الفداء خاوەندی (حماه) بووە و لە فەرمانڕەواکانی دیمەشق بوو (ابن الوردی، 1996م، ج2، ص215؛ ابن کثیر، 1988م، ج14، ص182). لە پاڵ بەڕێوەبردنی وڵات هەڵساوە بەنووسینی کتێبی (المختصر فی اخبار البشر) نووسەر لەم کتێبەدا کە لە چوار بەرگ پێکهاتووە. باس لە ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر(ص)ی ئیسلامەوە دەکات، هەروەها ڕووداوەکانی سەردەمی خیلافەتی راشدی، ئەمەوی، عەباسی، زەنگی، دەوڵەتی ئەیوبی، مەمالیکەکان و گەیشتنی مەغۆلەکان دەخاتەڕوو ( بڕوانە: ابو الفداء، بدون سنة). کتێبەکە سەر بە لقی مێژووی گشتیە و نووسەر گەلێك ڕووداوی هەمەچەشن و لەسەردەمی جیاجیادا تۆمارکردووە کە چەندین سەدە ماوەیان هەیە لەگەڵ ژیانی نووسەر بۆیە ناوبراو سودی لەسەرچاوە جیاوازەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، بەڵام بەشێکی دیکەی تۆمارەکانی هاوسەردەمی ڕۆژگاری خۆیەتی.

**سێیەم: زانستی فەلسەفە و ژیربێژی (المنطق)**

فەلسەفە و لۆژیک دوو لە زانستە باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەژمار دەکرێن بەوەی گەلێك گەنگەشە و ئاڵنگاری هێنایە ئارا کە بووە جێگەی بایەخپێدان لە جیهانی ئیسلامی سەدەکانی ناوەراست دا ( ابن خلدون، دون سنة، ص542-545). لە ڕاستیدا زانایانی وڵاتی کوردانیش گرنگییان بە زانست و زانیاری داوە و لە زانستە هەمەجۆرەکاندا پشکدارییان لە گەشەپێدانی شارەستانیەتدا کردووە. لەو دیدگایەوە لە بواری فەلسەفە و ژیربێژیدا چەندان کەس ناویان لە پەرتووکە کۆنەکاندا تۆمارکراوە بە نمونە (أبو الفتوح یحیی بن حبش بن أمیرك) ناسراو بە شهاب الدین السهروردی، لەشاری مەراغە لەلای زانایانی ناوچەکە خوێندویەتی، پاشان چۆتە حەلەب و لە کۆڕە زانستیەکان بەشداری کردووە و لەکایەی فەلسەفەدا تێکۆشانی کردووە و مشتومڕی فەلسەفی ئەنجامداوە و لەو بوارەدا گۆتنەکانی هێندە قوڵ بووە دواجار بە دەرچوو لە ڕێساکانی دین تۆمەتبارکراوە، بەمەش خرایە زیندان و دواجار لە تەمەنی (38) ساڵیدا و لەساڵی(587ك/1191ز) کوژرا، لە بەرهەمەکانی (التنفیحات-منطق التلویحات- هیاكل النور- حکمه الاشراق-اللمحات-الالواح العمادیة-مقامات الصوفیه ومعانی اصطلاحاتهم- ..هـد) ( ابن خلکان، 1990، ج6، 268-274). کتێبی ( منطق التلویحات) لەلایەن ( دکتۆر علی اکبر فیاض) مامۆستای زانکۆی تاران پێداچوونەوەی بۆکراوە و لە هەمان زانکۆ لەساڵی (1950) چاپکراوە، نووسەری پەرتووکەکە بە بابەتی (التلویح الاول فی غرض منطق) دەست پێدەکات (السهروردی، 1955، ص1-3). دەربارەی سەهروەردی و بەرهەمەکانی و بیرە فەلسەفیەکانی ڤەکۆڵینی هەمە چەشن کراون، بۆ نمونە( بڕوانە: مصطفی غلی، 1982، ص14-26).

( أبو الحسن علی بن ابی علی بن محمد بن سالم(لەدوای 550ك/1155ز-631/1233ز) ناسراو بە ( سیف الدین الامدی) لە ئامەد لە دایکبووە و لەوێ چۆتە بەرخوێندن و لای زاناکانی ئەوێ پێگەیشتووە، سەرەتا مەزەبی حەنبەلی خوێندووە، پاشان چۆتە بەغدا و لەلای زانای حەنبەلی درێژەی بەو مەزەبە داوە، دوای ماوەیەك گواستوویەتیەوە بۆ مەزەبی شافعی، دواتر چۆتە شام و لەوێ (المعقول)ی خوێندووە و زۆربەی دەقەکانی لەبەرکردووە، پاشانیش چۆتە مصر لەوێ دەرسی بە خوێندکارەکان داوە و سودی لەزانستە جیاوازەکان وەرگرتووە، بە تایبەت زانستەکانی بیروباوەڕ، فیقە، ژیربێژی و فەلسەفە..هتد، ناوبانگی دەرکردووە و نەیارەکانی کەوتنە دژایەتی کردنی، بۆیە جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ شام و دەستی کردووە بە تەسنیف کردن لە ئسوڵی فیقهو و دین و ژیربێژی و حیکمەت، لە دیمەشق وەفاتی کردوە (ابن خلکان، 1900، ج3، ص293-294). لەکتێبی (غایه المرام فی علم الکلام) لە بابەتی وەسفی خودا دا باس لە بۆچوونی فەیلەسوفانی ئیلاهی لەبارەی سیفاتی ئیلاهی و ڕێگەی فەیلەسوفان لە تەوحیدا دەکات( سیف الدین الامدی، دون سنة، ص151).

(موسی بن یونس بن محمد بن منعة الاربلی(551-639ك/1156-1241ز) ناسراوە بە ( کمال الدین الاربلی)، شافعی مەزەب بووە و لەسەر مەزەبی حەنەفیش کاری کردووە، زانایەکی پایە بەرز بووە بەهۆی شارەزایی لەزانستە سروشتی و ژیربێژی و

ئیلاهی و بیرکاری و مۆسیقا و ژمێریاری و..هتد، یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی ( عیون المنطق)ە ( ابن خلکان، 1994، ج5، ص311-318؛ ابو الفداء، دون سنة، ج3، ص170).

هەروەها (الحسن بن محمد بن أحمد بن نجا الغنوي أبو محمد الضرير الأربلي(586-660ك/1190-1261ز) بە زانایەکی گەورە و شارەزا لە زانستەکانی نەحو، ئەدەب، فقە، ژیربێژی و زانستی سروشتی ناسراوە، ناوبراو نابینابووە و دوور لە خەڵك ژیاوە، لە گوندێکی نزیك نسێبین لەدایکبووە و پاشان چۆتە دیمەشق و لەوێ وانەی بە خوێندکارەکان داوە (الیونینی، 1992، ج2، ص165-169). ( الذهبی) لەوەسفی ئەم زانایادا بە شارەزا لە بواری زانستی کەلام و فەیلەسوفێک ناوی دێنێت (الذهبی، 1993، ج48، ص411-412 ؛ الذهبی، دون سنة، ج3، ص298؛ الزرکلی، 2002، ج2، 215).

زانا و فەیلەسوفێکی دیکە (محمود بن ابی بکر بن احمد الارموی (594-682ك/1198-1283ز) ناسراو بە ( شێخ سراج الدین أبو الثناء)، لەبنچینەدا خەڵکی ئورمیەی وڵاتی ئازربێجانە و لە موصڵ خوێندویەتی لەلای (کمال الدین بن یونس)، چۆتە دیمەشق و لەوێ نیشتەجێبووە، لە شاری قۆنیە وەفاتی کردووە، زانایەکی پایە بەرز و دیار بووە و شارەزایی لە زانستە جیاوازەکان هەبووە بەتایبەت لە (اصول فیقه و علم البیان و المنطق و الحکمة) (السبکی، 1413هـ، ج8، ص371؛ الزرکلی، 2002، ج7، ص166-167). لە بەرهەمەکانی (مطالع الأنوار) لەبواری ژیربێژی، (لطائف الحکمة) و (شرح الإشارات) لابن سینا، و (شرح الوجیز) للغزالي و (بیان الحق منطق وحکمة) ( الزرکلی، 2002، ج7، ص167).

(شمس الدین محمد بن محمود الشهرزوری) لە دوای ساڵی(687ك/1288ز) وەفاتی کردووە، لە گوندێکی شارەزوور نیشتەجێبووە، زانایەکی پایە بەرزو فەیلەسوفێکی دیاری جیهانی ئیسلامیە و بەرهەمەکانی گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کەوا ئێستا لە بەردەستی خوێنەرانن، کە بریتین لە (نزهة الارواح و روضة الافراح فی تاریخ الحکماء والفلاسفة، الرموز والامثال اللاهوتیة في الانوار المجردة الکونیة، الشجرة، تاریخ الحکماء، التنقیحات شرح التلویحات في الحکمة) (الزرکلی، 2002، ج7، ص87-88؛ البغدادی، دون سنة، ج2، ص136). نووسەر لە پەرتووکی (نزهة الارواح و روضة الافراح فی تاریخ الحکماء والفلاسفة) باس لەسەرەتای فەلسەفەی حوکمرانی لە سەردەمی ئادەم و منداڵەکانی دەکات و بەردەوام دەبێت لە باسی ڕۆژگارەکانی دواتر کە لەو چوارچێوەیەدا فەلسەفەی فیساگورس و سوکرات و ئەفلاتۆن و دەیانی دیکە لەگەڵ هەواڵ و ئادابی فەرمانڕەوایان و دانایان تەوەری یەك لەدوایەکی ئێو کتێبەکەنی بووە (بڕوانە: شمس الدین الشهرزوری، 1976، ج1، ص16-345).

### 2. ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان لە زانستە پەتییەکان

#### یەکەم: ئەندازە و ژمێر

زانستەکانی ئەندازە و ژمێر بەراورد بە زانستەکانی دیکە لە وڵاتی کوردان کەمتر بۆتە مایەی سەرنجی زانستخوازان، هەڵبەتە بەشێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی زانستە مرۆی و دینیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا زانا و فێرخوازانی وڵاتی کوردان لە پاڵ زانستەکانی دیکەدا ڕوویان بەلای زانستەکانی ئەندازە و ژمێر دا کردۆتەوە و بەگوێرەی پێویست لەو بوارەدا خزمەتیان کردووە، بەنمونە (علی بن المسلم بن محمد بن علی الشهرزوري(452-533/1060-1138) ناسراو بە ( ابن الشهرزوری)، لە زانستەکانی میرات و ژمێردا شارەزابووە ( الذهبی، 2006م، 17، ص364؛ السبکی، 1413ه، ج1، ص696-697؛ الاسنوی، 1987م، ج2، ص232). هەروەها ( ابو المظفر محمد بن علی بن الحسن الشهرزوری( 479-555ك/1086-1160ز) چاکەکار و دیندار بووە و شارەزایی لە زانستی ژمێردا هەبووە ( السبکی، 1413ه، ج6، ص150؛ ابن الجوزی، 1992، ج18، ص104؛ السمعانی، 1988، ج3، ص474).

یەکێکی دیکە زانایانی ئەو بوارە (جعفر بن محمد بن محمود بن هبة الله الکفرعزی الاربلی(537-604ك/1142-1207ز) ناسراو بە (أبو محمد) زانا و دادوەر بووە و لە زانستەکانی میرات و ژمێرە و ئەندازە شارەزا و لێهاتوو بووە ( ابن مستوفی، 1980، ج2، ص72-73؛ الزرکلی، 2002م، ج2، ص128). هەروەها (یونس بن المظفر بن یوسف بن الفرج الارموی) ناسراوە بە (ابو الفضل الکاتب) نووسەری دیوانی (الزمام) بووە، پاشان سەرپەرشتی هەمان دیوانی کردووە، نابراو ئەدیب و نووسەر بووە و شارەزایی لە ژمێرە و ڕووپێویدا هەبووە و لەساڵی (615ك/1218ز) مردووە، ( الصفدی، 2000، ج29، ص187).

یەکێکی دیکە لەوانەی لە زانستی ژمێرەدا کاریان کردووە (عبدالخالق بن علی بن محمد بن حسن الاسعردی ناسراو بە ( أبو محمد تاج الدین) نووسەرێکی دیار و زانابووە، لە بەعلەبەك خەریکی زانستی ژمێرە بووە، لەساڵی(665ك/1266ز) وەفاتی کردووە ( الیونینی، 1992، ج2، ص390). سەبارەت بە کوردبوونی بەڵگەی یەکلاکەرەوە نییە، بەهەمان شێوە بەڵگەشمان نییە کە سەر بەگەلێکی ترە، بەڵام پاشگری ناوی (الاسعردی) وای کردووە بە کورد هەژمار بکرێت، لەبەرئەوەی ناوچەکە کوردیە و لەلای دیاربەکرە لە کوردستانی باکور- تورکیای ئێستا (یاقوت الحموی، 1995م، ج2، ص331).

زانا و شارەزای زانستی بیرکاری( شیخ شمس الدین محمد بن ابراهیم بن ساعد السنجاری) لە سنجار لەدایکبووە، بەناوبانگبووە لە ئەندازە و ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێدانی زانست بینیووە، لە ساڵی(749ك/1349ز) لە قاهیرە وەفاتی کردووە ( الصفدی، 1998م، ج4، ص225-227). یەکێکی دیکە لەوانەی لە زانستی ژمێرە دا کاری کردووە( ابو شمس الدین محمد بن ابراهیم بن داود بن نصر الهکاری الکوردی(685-759ك/1285-1357ز) مامۆستا و مفتی بووە، شارەزایی لە زانستی ژمێرە دا هەبووە (ابن الحجر العسقلانی، 1972م، ج5، ص2). (محمد بن ابراهیم الکوردی) ناسراو بە ( شێخ شمس الدین )لەساڵی (759ك/1358ز) ژیاوە لە ژمێرە دا ئاستێکی بەرزی هەبووە (الصفدی، 1998م، ج4، ص234). (هەروەها (احمد بن محمد الرهاوی ناسراو بە جمال الدین الرهاوی (اصول و منطق)ی خوێندووە و لە زانستی ژمێرە دا کاری کردووە، لەساڵی(777ك/1365ز) وەفاتی کردووە (ابن کثیر، 1988، ج14، ص347-348، 357؛ ابن العماد الحنبلی، 1986م، ج8، ص432). زانای کوردی (علی بن ابراهیم بن نصر الکردی) شارەزایی لە زانستی ژمێرە دا هەبووە، وەلێ نازانین کەی لەدایکبووە، بەڵام لەساڵی(781ك/1379ز) وەفاتی کردووە (ابن الحجر الحسقلاني، 1969، ص203). ئەوەی مایەی سەرنجە هیچ کام لەم زانایانە نووسراوی تایبەتیان لەو بوارانەدا لەو سەرچاوانەی لە بەردەستی ئێمەدا هەن نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ کامیان پەرتووکێکیان نەنووسیووە لە پسپۆڕیەکەیان؟ یاخود هەیان بووە و فەوتاوە و لەناوچوون؟.

ئەوەی لەهەموویان زیاتر جێگەی لەسەر وەستان و پێویستی بە لێوردبوونەوەی هەیە بریتییە لە زانا و ئەندازیاری ئەو کاتە (عبد العزیز بن إسماعیل، أبو بکر ابن الرزاز الجزری (000 - 602 هـ = 000 - 1205 م)ە، (الزرکلی، 2002، ج4، ص15). یەکێك لە ناودارترین ئەندازیارانی ئەو کاتە بریتیبووە لە ( ابن الرزاز الجزری)، کە خەڵکی جەزیرەی بۆتان بووە و زۆربەی ژیانی لە شاری دیاربەکر بەسەربردووە و کارە زانستییەکانی لەژێر سایە و سێبەری میرنشینی تورکی ئەرتەقی ( 465-812ك| 1072-1409ز) بووە. ئەوەی جێی سەرنجە لەبارەی ژیانییەوە هیچ شتێك لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی هاوسەردەمی بەرچاو ناکەوێت. بەهۆی بەناوبانگی و گەورەی ئەو زانایە، میللەتانانی ناوچەکە لە هەوڵی ساخکردنەوەی ڕەگەز و بنەڕەتیەکەیدان بۆ ئەوەی ئەو شانازییە زانستییە بەر ئەوان بکەوێت. بەبێئەوەی هیچ بەڵگەیەك لەبەردەست دابێت تورکەکان بە زانایەکی تورکی هەژماری دەکەن، تاکە بیانویان ئەوەیە کە لەژێر سایەی میرنشینێکی تورکیدا ژیاوە کە میرنشینی ئەرتەقی بووە (Uzun and Vatansever, 2008, p.91). لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدا باشە ئەگەر ئەو زانایەکی تورکی بووە بۆچی نەخۆی و نەسەرچاوەکانی هاوسەردەمی ڕەگەزی جەزەرییان دیاری نەکردووە، کە تورکبوون لەژێر دەسەڵاتی میرنشینێکی تورکی لەو سەردەمەدا جێگەی شانازی بووە و پێگە و مەقامیشی بەرزتر بووە. لەڕاستیدا ئەوە نابێتە بەڵگەی یەکلاییکردنەوەی بنەچە و ڕەگەزەکەی، چونکە لەو سەردەمە شتێکی باو و ئاسایی بووە کە لە ناو دەوڵەت و میرنشینەکاندا نەتەوەی جیاواز ژیاون و خزمەتیانکردووە. سەبارەت بە هەندێ نووسەری عەرەب کە زاناکەیان داوەتە پاڵ نەتەوەکەیان، تەنها لەبەرئەوە بووە کە ( الجزری) لەچوارچێوەی شارستانییەتی ئیسلامیدا ژیاوە و خزمەتیکردووە، هەروەکو چۆن هەندێك لە عەرەبی ڕەگەزپەرست، شارستانییەتی ئیسلامی بە شارستانییەتێکی عەرەبی دەزانن، بەڵام بە سەرنجدان و ووردبوونەوە لەسەرچاوەکانی مێژوویی و ژیانی ئەو زانا و داهێنەرانەی لەو سەردەمە دەرکەوتوون زۆرینەی ڕەهایان لە نەتەوەی جگەلە عەرەب بوون. کەواتە ئەم بەڵگەشیان هیچ نرخێکی زانستی نییە.

لەڕاستییدا هەروەکو لەپێشەوە باسمانکرد جەزەری نەخۆی و نە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە ئاماژەیان بە ژیان و ڕەگەز و هۆزەکەی نەکردووە، بەڵام ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان کە وەکو زانایەکی کوردی هەژماری بکەین ئەویە لە ناوچەیەك لەدایکبووە و ژیاوە کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی کوردن کە بریتییە لە جەزیرەی بۆتان و دیاربەکر ( ابن شداد، 1991، ج3، 213). بەڵام دیسان ئەوەش نابێتە بەڵگەی یەکلاکرەوە، چونکە لەوکاتەدا بەهۆی ئەو شەپۆلە داگیرکارییەی کە میرنشینە تورکییەکان پێیهەستاون، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان دەربەدەرکراون و لە جێگەیاندا تورکمان نیشتەجێکراوە. کەواتە ئەمەشیان وەکو گریمانە دادەنرێت، بەڵام ئەوەی کە دەشێت بکرێتە گومانێکی قوڵ لەسەر کوردبوونی ئەو زانایە ئەوەیە، بەهۆی ئەوەی میرنشینە تورکییەکان جۆرێك لە دوژمنداریيان لەگەڵ هۆز و میرنشیە کوردییەکان هەبووە، تەواوی دەسەڵاتە خۆجێی و میرنشینە کوردییەکان لەسەر دەستی ئەوان کۆتاییان پێهاتووە، جەزەری لەبەرئەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا ژیاوە بە ئامانجی دروستنەکردنی کێشە و گرفت بۆ خۆی، هۆز و ڕەگەزی خۆی شاردووەتەوە و بۆیە لە هیچ سەرچاوەیەك ئاماژە بە ڕەگەزی ئەو پیاوە نەکراوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە و دەکرێت دیسان وەکو گریمانەیەکی بەهێز بۆ کوردبوونی ئەو پیاوە سەیر بکرێت ئەوەیە لە دروستکردنی کاتژمێری فیلدا، لە بەشی سەرەوەی کاتژمێرەکە، ڕۆبۆتێك هەیە کە لەسەرچاوەکان ئاماژەدراوە کە وێنەی سەرکردەی دیاری بە ڕەگەز کورد سەلاحەدینی ئەیوبیە (Hassani 2005,p16). دەشێت جەزەری وەکو شانازییەك بۆ بنەچەکەی کە کوردە پەیکەری سەلاحەدینی لەسەر کاتژمێرە بەناوبانگەکەی دیزانکردبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین بەهۆی ئەو دۆخەی کە ڕووبەڕووی میرنشینە

کوردییەکان بووووییەوە و زۆرینەیان لەسەر دەستی میرنشینە تورکییەکان لەناوبرابوون جەزەری بەشێوەیەکی هونەری و نهێنی ئاماژەی کردبێت بۆ کوردبوونی خۆی تا دووربێت لە توڕەبوونی دەسەڵاتدارانی ئەرتەقی تورکی کە لەناویاندا ژیاوە. ئەگەر ئەو پرسیارە بکرێت ئەوە نابێتە بەڵگە، چونکە میرنشینە تورکییەکان لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەیوبی حوکمیانکردووە، بۆیە جەزەری پەیکەری سەلاحەدین لەسەر کاتژمێرەکە داناوە. دیسان دەکرێت ئەو پرسیار بوروژێنین، باشە بۆچی جەزەری پەیکەری یەکێك لە میرەکانی بنەماڵەی ئەرتەقی دانەناوە، لەکاتێکدا ئەو لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا ژیاوە و ڕەنگە بەو کارەی زیاتر لەدەسەڵاتی ئەرتەقییەکانی نزیکبکاتەوە و ببێتە جێگەی ستایش و خەلاتکردنیان.

بەهەر حاڵ ئەو زانایە هەرچیەك بوبێت لەوڕاستییە کەمناکاتەوە کە جەزەری گەورەترین داهێنەری میکانیکی شارستانییەتی موسڵمانان بووە. کارە زانستی و داهێنانەکانی لەبواری ئەندازیاری میکانیکی بەتایبەت دروستکردنی ئامێر و ئامراز چڕبووەتەوە کە لە کتێبەکەیدا بەناوی ( الجامع بين العلم والعمل النافع فی صناعة الحيل) بە نوسین و وێنە پێناسەی ئامێرەکان و شێوەی دروستکردن و کارپێکردنیان بە ووردی روونکردووەتەوە. کارەکانی جەزەری ریگە خۆشکەربوون بۆ دروستکردنی ئامێری پێشکەوتوو و دۆزینەوەی چەندین ئامێری دیکە ( Zekai Sen, 2016, p 76-77). یەکێك لە داهێنانە ناوەزەکانی ئەو پیاوە بریتیبووە لە (کرینگ شەفت) کە یەکەمین کەس بووە هەستاوە بە دروستکردنی ( Visser, 2008, p4). ئەم ئامێرە بریتییە لە پەپکەی خولاوەی دداندار کە جوڵەی سوڕ دەگۆڕێت بۆ جوڵەی بەهێڵ ( الجزری، مخطوطة بدون سنة، ص 61-68). ئەم کارە نایەبە بوو بە نهێنی پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، چونکە ئەم سیستەمە میکانیکییەی جەزەری دایهێنا لە زۆربەی ئامێر و ئامرازەکانی مۆدێرن بەکاردەهێندرێت، بۆنمونە بزوێنەری ئۆتۆمبیل و تەواوی ئامێرە میکانیکاکانی دیکە. ئەمە سەرباری ئەوەی بە دروستکردنی ترۆمپا و ئامێرەکانی بەرزکردنەوەی ئاو خزمەتێکی گەورەی بە شارستانییەتی مرۆڤایەتی کردووە (Hassani, 2005, p115-116).

کاتژمێری فیل لە کۆتاییەکانی سەدەی (٦ك|12ز) لەلایەن جەزەرییەوە دروستکراوە. لە کاتژمێری فیلدا جەزەری زانست و هونەری یۆنانی، هیندی و میسری کۆنی تێکەڵکردووە لەگەڵ هونەری ئیسلامی. پێکهاتەی کاتژمێرەکە رۆبۆتێك لەسەر شێوەی مرۆڤ بەسەر پشتی فیلێکەوە بەڕێگەی جوڵەی میکانیکییەوە دەستەکانی دەجوڵێنێت، قەڵایەکی بچوك کە بەسەر پشتی فیلەکەوە ڕاگیرکراوە، لەبەشی سەرەوەی رۆبۆتێك دانراوە کە ئاماژەیە بۆ وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبی دەستەکانی دەجوڵێنێت بۆ ئەوەی هەڵۆکە بجولێت سێ گۆی تێدایە کە هۆکاری روودانی زنجیرەی رووداوەکانە، هەڵۆیەك لە تەنیشتیەوە گۆیەکە کاتێك لە قەڵاکە بەردەبێتەوە دەچێتە ناو سەری هەڵۆکە و لە دەنوکەکەیەوە دەچێتە دەمی ئەژدیهایەك و نزمدەبێتەوە بۆ فیلەکە و پاشان گۆیەکە لە دەمی ئەژدیهاکە دەکەوێتە ناو گوڵدانەکە و دەستەکانی رۆبۆتەکە دەجولێن. لەڕێگەی ئەو سیستەمە ئاڵۆزەی کە جەزەری بەکاریهێناوە، بەرێگەی میکانیکی بەشەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لەکاتی پڕبوونی دەفرێکی ئاو لەناو سکی فیلەکە دەبووە هۆی جوڵانی بەشەکانی تری و لەکۆتاییدا کە نیو کاتژمێری پێدەچوو باڵندەکەی بەشی سەرەوە دەستی دەکرد بە خوێندن( Hassani (2005,p16

**دووەم: کیمیاء و ئەستێرەناسی**

زانستی کیمیاء بە یەکێك لە زانستە هەرە گرنگەکان هەژمار کراوە بەوەی ڕۆڵێکی کارای لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بینیووە بۆ شیکردنەوەی خۆراکەکان و پیشەسازی و..هتد (عبد الرحمن عبيد عوض مصيقر، دون سنة، ص17-18). هەرچەندە زانستەکە بە پێودانی ئیمڕۆ پێشکەوتوو نەبووە و بۆ تەواوی گەلان فەراهەم نەبووە، بۆیە دەشێ وڵاتی کوردان یەکێك بێت لەو مەملەکەتانەی زۆر گرنگی بەم بوارە نەدابێت، یاخود لە پەرتوکەکاندا ڕۆڵیان لەو بوارەدا تۆمار نەکراوە. بۆیە لەسۆنگەی ئەمەوە ڕۆڵی زانایانی ولاتی کوردان لاواز دەبینین لەسەدەکانی ناوەراست، ئەوەی هەیە تەنها دوو زانا و ناوداری خەڵاتین کە گرنگیان بەو زانستە داوە، ئەوانیش: (ابراهيم بن عبدالله الخلاطی(720-799ك/1320-1394ز)، کەسێکی ژیر و ندەروونب بەرزبووە، چۆتە حەلەب و لەوێ نیشتەجێبووە و پێگەیەکی بەرزی هەبووە لەلای پیاوانی دەوڵەت، لە زانستی کیمیاء دا کاری کردووە (ابن الحجر العسقلانی، 1972، ج1، ص34). (ابن الحجر) لە بارەیەوە دەڵێ: (**وكانت جنازته حافلة وظهرت في تركته من آلات الكيميا أشياء ولم يسمح لأحد بتعليم ما كان يعرفه من اللازورد)** (1972، ج1، ص34). دەربارەی ڕەچەڵەکی ئەم زانایە زانیاریەکان یارمەتیدەر نین و ناتوانین یەکلایی بکەینەوە، هەرچەندە توێژەرێك بە کوردی داناوە بەبێئەوەی بەڵگەی کوردبوونی بخاتەڕوو (صالح شيخو رسول الهسنيانی، 2012م، ص35). هەروەها (حسين الخلاطی الازوردي) مرۆڤێکی چاکبووە، لەکایەی زانست و زانیاریدا خۆی پێگەیاندووە بە زانستی هەمەجۆر، بەتایبەت لە زانستی کیمیادا کاری کردووە، چۆتە شام و مصر و لەساڵی(799ك/1387ز)وەفاتی کردووە (ابن حجر العسقلانی، 1972، ج2، ص190؛ احمد عيسى بك، 1942م، ص176-177).

فەلەکناسی بە یەکێك لە زانستە گرنگ و پێویستیەکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاستیش هەژمار کراوە، بەوەی لێکدانەوەکان و پێشهاتە سیاسی و ئابووری و کارەساتەکان ئەرکی ئەم زانستە بووە و زانایانی ئەو بوارە ڕۆڵێکی کارایان لەو پێناوەدا بینیووە و تەنانەت بەهۆیەوە زۆرجار خەڵات کراون. زانایانی وڵاتی کوردان لەو بوارەدا پشکداریەکی سنوردرایان کردووە بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستی ئێمەدا هەن، بەڵام دەبینین زانایەکی ناوچەکانی کوردستان بە ناوی (حبيش بن ابراهيم بن محمد كمال الدين ابو الفضل التفليسى) (البغدادى، 1951، ج1، ص263) ناسراوە به أبو الفضل نجم الدين الفلكى لە ساڵی(629ك/1231ز) وەفاتی کردووە (حاجى خليفة، 1941، ج1، ص467؛ ج2 ص1310، 1379، 1644)، نووسەرێکی دیار بووە و بەرهەمەکانی پێگەی ناوبراو پشت ڕاست دەکەنەوە، کە (بيان الصناعات، بيان النجوم، مدخل إلى علم النجوم) سێ بەرهەمی دیارن (البغدادى، 1951، ج1، ص263). دەربارەی ئەم بەرهەمانە و بوونیان لە ئێستادا زۆر لێگەڕیانم کرد، وەلێ جگە لە هەندێ نووسین لەسەر بەرهەمەکان خودی بەرهەمەکە بەردەست نین بە ئاگاداری ئێمە.

(موسى بن يونس بن محمد بن منعة الاربلى(551-639ك/1156-1241ز) زانایەکی ناودار بووە و شارەزایی لە چەندین زانستی هەمەجۆردا هەبووە، لەوانەش شارەزای بواری فەلەکناسی بووە و یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی (كتاب فى النجوم) نووسیووە (ابن خلكان، 1994، ج5، ص311-318). هەر لەبواری فەلەکیدا بەرهەمی دیکە هەن وەك (نشر المثل السائد وطى الفلك الدائر) کە خاوەنەکەی (محمود حسين سنجارى)ە، لە ساڵی(650ك/1248ز) وەفاتی کردووە (حاجى خليفة، 1941، ج2، ص1586؛ كحالة، ج12، ص159). هەروەها (نجم الدين ايوب بن عين الدولة بن نصرالله الخلاطى) لە سەدەی(7ك/13ز) ژیاوە، ژمێریار و ئەستێرەناس بووە، خاوەنی بەرهەمی نووسراوە وەك:( اصول احكام النجوم، السر المكتوم في اظهار ما كان مستخفيا من احكام النجوم)( (حاجى خليفة، 1941، ج1، ص81؛ البغدادى، 1951، ج1، ص229). دەربارەی کتێبەکانی هێندەی ئێمە گەڕاوین بەردەست نین و نازانین ماون یاخود فەوتاون؟.

**سێیەم: پزیشکی**

پزیشکی بە زانستێکی دێرین و حەتمی بۆ مرۆڤایەتی دانراوە، بۆیە تەواوی گەلان لەو بوارەدا هەوڵیان بۆی داوە، زانایانی وڵاتی کوردان لەو بوارەدا خۆیا پێگەیاندووە و خزمەتیان کردووە، بەنمونە (أبو الفضل محمد بن محمد بن محمد بن عطاف الهمذانى الجزرى الاصلى(464-534ك/1075-1149ز) فەقیهو زانا بووە و لە جزیرە لە دایکبووە ( السمعانى، 1962، ج3، ص271؛ الذهبى، 2006، ج14، ص455)، سەردانی بەغدا و کوفە و ئامەد و هەمەدانی کردووە، گوێبیستی چەندین زانای ئەو ڕۆژگارە بووە سودی لێوەرگرتوون، کارەکانی بریتین لە (المعجم) و (الطب النبوى)( الذهبى، 2006، ج14، ص455)هەرچەندە لەسەرچاوەکاندا باس لەوە نەکراوە ناوبراو پزیشکبووە یان نا، بەڵام کارکردنی لە ( الطب النبوى) بەڵگەی خزمەت و تێکۆشانی ناوبراو لە پزیشکیدا دەسەلمێنێ. یەکێکی دیکە لە زانا و پزیشکە دیارەکان (ابو المؤيد العنترى محمد بن المجلى بن الصائغ الجزرى) خەڵکی جەزیرەی نێوان دیجلە و فورات بووە، وەك پزیشك و زانا و دانا لە بواری فەلسەفە و ئەدەب لە سەرچاوەکاندا ناسێندراوە، وەلێ نازانرێ کەی لە دایکبووە، بەڵام لەساڵی (570ك/1175ز) وەفاتی کردووە (الزركلى. 2002م، ج7،ص19).

(محمد بن عبدالسلام بن عبدالرحمن الماردينى(512-594ك/1118-1198ز) (البغدادي، دون سنة، ج2، ص104) ناسراو بە ابو عبدالله فخرالدين الحكيم، لە قودس لەدایکبووە و لە ماردین گەورە بووە و لە ئامەد وەفاتی کردووە، لەبواری پزیشکی دا خوێندویەتی و خزمەتی کردووە (كحالة، دون سنة، ج10، ص170) و لەکارەکانی شرۆڤەکردنی پەرتووکی (القصيدة العينية لابن سينا) (البغدادى، 1951، ج2، ص104). هەروەها (محمد بن عباس بن احمد الدنيسرى(606-686ك/1209-1287ز) ناسراو بە ( ابو عبدالله، عمادالدين) پزیشکێکی شارەزا و زیرەك بووە، لەپاڵ کاری پزیشکی لەبواری ئەدەبیشدا ئاستێکی بەرزی هەبووە (ابن العماد الحنبلى، 1986، ج7، ص695) یۆنینیش دەڵێ: شارەزایی لە پزیشکیدا هەبووە( 1992، ج4، ص328). سەبارەت بە ڕەگەزی ئەم پزیشکە جگە لە پاشگری (دنيسر) کە شارۆچکەیەکی کوردستانە لە هەرێمی جزیرە و نزیکی ماردینە (ياقوت الحموى، 1995، ج2، ص478)) ئەوا بەڵگەیەکی ترمان نییە، بەڵام لەراستیدا بەڵگەش نییە کە سەر بە نەتەوەیەکی تر بێ.

(الحسن بن احمد بن زفر(663-726ك/1265-1326ز)ناسراو بە ( بدرالدين الاربلى)، کاری پزیشکی کردووە (حاجى خليفة، 1941، ج1، ص925). هەروەها(موسى بن يونس بن محمد بن منعة الاربلى(551-639ك/1156-1241ز) سەرچاوەکان لەوەسف و ستایشی ئەم زانایەدا وەهایان هێناوە کە شارەزایی لە بیست و چوار زانستی جیاجیادا هەبووە، بەنمونە تەداوی پزیشکی کردووە (ابن خلكان، 1994، ج5، ص311-318). هەروەها (محمد بن جنكلى بن محمد بن البابا بن خليل بن جنكلى بن عبدالله الدياربكرى (697-741ك/1298-1340ز) لە دیاربەکر لە دایکبووە و لەساڵی(703ك/1303ز) لەگەڵ باوکی چۆتە قاهیرە و گوێبیستی چەندان زانا بووە، لە نەحو و مۆسیقا و پزیشکیدا شارەزابووە و سەر بە ڕێبازی حەنەفی بووە (ابن الحجر العسقلانى، 1972م، ج5، ص155).

پزیشکی ناودار (شمس الدین محمد بن ابراهیم بن ساعد) ناسراو بە ( ابن الافکانی) لە سنجار لەدایکبووە، لە زانستەکانی فەلسەفە، بیرکاری، ئەندازە، ژمێر و پزیشکی و..هتد خۆی پێگەیاندووە، وەك مامۆستا کاری کردووە و لە بواری پزیشکی دا ناوبانگێکی باشی پەیداکردووە و چارەسەرەکانی جێگەی بایەخ بوون، وەلێ دواجار بە نەخۆشی تاعون لە مصر لەساڵی(749ك/1348ز) مردووە، ناوبراو خاوەنی بەرهەمی نووسراوە وەك: (ارشاد القاصد الی اسنی المقاصد، کشف الرین فی امراض العین، غنیة اللبیب فیما یستعمل عند غیبة الطبیب، نغب الذخایر من البحر الزاخر فی التفسیر، اللباب فی الحساب) ( الصفدی، 2000، ج2، ص20-21). هەروەها (محمد بن حسن بن احمد بن محمد) ناسراو بە ( الشمس ابو عبدالله ابن الکردی) لەساڵی (781ك-843ك/1379-1439ز) لە وڵاتی کوردان لە دایکبووە، چۆتە قودس و مەکە و شارەزایی لە پزیشکی دا هەبووە( السخاوی، 1993، ج2، ص468). بەگشتی تێبینی ئەوەدەکەین کە بواری پزیشکی لەلای زانایانی وڵاتی کوردان بەراورد بە زانایانی دیکە زۆر پێشکەوتوو نەبووە، ئەوەشی بەدەستیان هێناوە بەسود وەرگرتن لە بەرهەمی زانایانی دیکە بووە.

**ئەنجام**

یەکەم/ ئاینی مەسیحی و کڵێساکانیان و پیاوانی ئاینی کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی مەعریفەی ولاتی کوردان هەبووە.

دووەم/ ئەو زانایانەی لە وڵاتی کوردان بوون و خزمەتی زنستیان پێشکەش کردووە، مەرجنیە هەموویان کوردبن.

سێیەم/ زانایانی وڵاتی کوردان پشکدارییان لە زانستە عەقڵیەکاندا کردووە و خاوەندی چەندان پەرتووکی نووسراو و بەردەستن، وەلێ هەندێکیش لەو پەرتووکانە نادیارن.

چوارەم/ڕۆڵی زانایانی وڵاتی کوردان لە زانستە پەتیەکان سنورداتر بەراورد بە زانستە عەقڵیەکان، کە دەشێ پەیوەستبێ بە دووری لە ناوەندی زانستی لەو سەردەمە لە هەندێ ناوچە لەلایەکو هەروەها ناوەندە بەناوبانگەکانی زانستی لەو سەردەمە زیاتر جێی بایەخبووە و زانایان زیاتر ڕوویان لەو شوێنانە کردووە لە نمونەی بەغدا و دیمەشق و بوخارا و..هتد.

**سەرچاوەکان**


یەکەم. سەرچاوە ڕەسەنەکان:

- ابن ابی الهیجاء، عز الدین محمد الاربلی. (١٩٩٣) **تاريخ ابن ابی الهیجاء**. دون طبع: طباعة ونشر وتوزيع رياض الصالحين.

-ابن اسحاق، محمد بن يسار. (١٩٨٧) **سيرة ابن إسحاق (كتاب السير والمغازي)**. بيروت: دار الفكر.

-الاسنوى، جمال الدين عبدالرحيم. (١٩٨٧) **طبقات الشافعية**. بيروت: دار الكتب العلمية.

-البغدادي، إسماعيل بن محمد أمين. (١٩٥١) **هدية العارفين أسماء المؤلفين وآثار المصنفين**. بيروت: دار إحياء التراث العربي.

-البلاذری، أحمد بن يحيى. (١٩٩٦) **جمل من أنساب الأشراف**. بيروت: دار الفكر.

-البيرونى، ابو الريحان محمد. (٢٠٠٨) الاثار الباقية من القرون الخالية. القاهرة: مكتب الثقافة.

-ابن تغري بردى: جمال الدين أبي المحاسن. (دون سنة) **النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة**. مصر: وزارة الثقافة والإرشاد القومي.

-ابن الجزرى، ابو عبدالله محمد. ( ١٩٩٨) **تاريخ حوادث الزمان وأنبائه ووفيات الأكابر والأعيان من أنبائه**. بيروت: المكتبة العصرية.

-الجزرى، إسماعيل، أبو بكر ابن الرزاز. ( دون سنة) **الجامع بين العلم والعمل النافع فى صناعة الحيل**. سوريا: مخطوطة معهد التراث العلمى العربى.

-ابن الجزرى، محمد بن محمد. ( ١٣٥١هـ) **غاية النهاية في طبقات القراء**. برجستراسر: مكتبة ابن تيمية.

-ابن الجوزى، أبو الفرج عبدالرحمن. ( ١٩٩٢) **المنتظم فى تاريخ الملوك والامم**. بيروت: دار الكتب العلمية.

-حاجى خليفة، مصطفى بن عبد الله. ( ١٩٤١) **كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون**. بغداد: مكتبة المثنى.

-ابن حجر العسقلانى، شهاب الدين احمد. (١٩٦٩) **إنباء الغمر بأبناء العمر**. مصر: لجنة إحياء التراث الاسلامى.

ابن حجر العسقلانى، شهاب الدين احمد. ( ١٩٧٢) **الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة**. ط٢. الهند: مجلس دائرة المعارف العثمانية.

-ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد. ( دون سنة) **مقدمة**. بيروت: دار الارقم بن أبى الارقم.

-ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين. ( ١٩٩٤) **وفيات الاعيان وأنباء الزمان**. بيروت: دار صادر.

-الدينورى، ابو حنيفة احمد. ( دون سنة) **الاخبار الطوال**. القاهرة: وزارة الثقافة والارشاد القومى الاقليم الجنوبى الادارة العامة للثقافة.

-الذهبي، شمس الدين محمد. ( ١٩٨٥) **المختصر المحتاج إليه من تاريخ الحافظ الدبيثي**. بيروت: دار الكتب العلمية.

-الذهبي، شمس الدين محمد. ( ١٩٩٣)**. تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام**. ط٢. بيروت: دار الكتاب العربي.

-الذهبي، شمس الدين محمد. ( ٢٠٠٦) **سير اعلام النبلاء**. القاهرة: دار الحديث.

-الذهبي، شمس الدين محمد. ( دون سنة) **العبر في خبر من غبر**. بيروت: دار الكتب العلمية.

السبكي، تاج الدين عبدالوهاب. ( ١٤١٣هـ) **طبقات الشافعية الكبري**. دون مكان: هجر للطباعة والنشر والتوزيع.

-السخاوى، ابن الحسن نور الدين. ( ١٩٩٣) **التحفة اللطيفة في تاريخ المدينة الشريفة**. بيروت: الكتب العلمية.

-السلامي، زين الدين عبد الرحمن. (٢٠٠٦) **ذيل طبقات الحنابلة**. الرياض: مكتبة العبيكان.

-السمعانى، عبد الكريم بن محمد. ( ١٩٦٢) **النساب. حيدر اباد**: مجلس دائرة المعارف العثمانية.

-السهروردى، شهاب الدين يحيى. ( ١٩٥٥) **منطق التلويحات**. تهران: طبعة جامعة تهران.

-سيف الدين الامدى، على بن ابى على. ( دون سنة) **غاية المرام في علم الكلام**. القاهرة: المجلس الأعلى للشئون الإسلامية.

-الشابشتى، ابى الحسن على. ( ١٩٩٨). **الديارات**. ط٢. بغداد: مكتبة الثقافة.

-شبانكاراه اى، محمد على بن محمد. ( ١٩٦٨). **مجمع الانساب**. تهران: سپهر.

-ابن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع. (١٩٩٤) **النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي)**. ط٢. القاهرة: مكتبة الخانجي.

ابن شداد، عزالدين محمد بن على. ( ١٩٩١) **الاعلاق الخطيرة فى ذكر لمراء الشام والجزيرة**. دمشق: منشوراة وزارة الثقافة.

-الشهرزورى، شمس الدين محمد بن محمود. ( ١٩٧٦) **نزهة الارواح و روضة الافراح فى تاريخ الحكماء والفلاسفة**. حيدر اباد: مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية.

-الصفدى، خليل بن أيبك. ( ١٩٩٨) **أعيان العصر وأعوان النصر**. بيروت: دار الفكر.

-الصفدى، خليل بن أيبك. (٢٠٠٠) **الوافى بالوفيات**. بيروت: دار إحياء التراث.

-ابن العماد الحنبلي، أبو الفلاح عبد الحي. ( ١٩٨٦) **شذرات الذهب في أخبار من ذهب**. بيروت: دار ابن كثير.

-الفارقى، احمد بن يوسف. ( ٢٠١٤) **تاريخ ميافارقين**. اسطنبول: نوبهار.

- ابو الفداء، عماد الدين اسماعيل. (١٨٤٠) **تقويم البلدان**. باريس: دار الطباعة السلطانية

- ابو الفداء، عماد الدين اسماعيل. ( دون سنة) **المختصر في اخبار البشر(تاريخ ابوالفداء)**. دون مكان: بالمطبعة الحسينية المصرية.

-ابن قاضى شهبة، محمد بن ابى بكر. ( ١٤٠٧هـ) **طبقات الشافعية**. بيروت: عالم الكتب.

-ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل. ( ١٩٨٨) **البداية والنهاية**. بيروت: دار إحياء التراث العربي.

-كحالة، عمر بن رضا بن محمد. (دون سنة) **معجم المؤلفين**. بيروت: مكتبة المثنى - دار إحياء التراث العربي.

-أبو محمد المصرى، عبد الله بن عبد الحكم. (١٩٨٤) **سيرة عمر بن عبد العزيز على ما رواه الإمام مالك بن أنس وأصحابه**. ط6. بيروت:عالم الكتب.

-ابن المستوفي، شرف الدين ابو البركات. (١٩٨٠) **تاريخ اربل**. بغداد: دار رشيد.

-المقدسى، المطهر بن طاهر. (دون سنة) **البدء والتاريخ**. بور سعيد: مكتبة الثقافة الدينية.

-المقدسى، المطهر بن طاهر. (١٩٩١) **أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم**. ط٣.القاهرة:، مكتبة مدبولي.

-ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبدالله. (١٩٩٥) **معجم البلدان**. ط2. بيروت: دار صادر.

-ابو يعلى الخليلى، خليل بن عبدالله. (١٤٠٩هـ) **الارشاد فى معرفة علماء الحديث**. الرياض: مكتبة الرشد.

-اليونينى، أبو الفتح موسى بن محمد. (١٩٩٢) **ذيل مراة الزمان**. ط٢. القاهرة: دار الكتاب الإسلامي.

دووەم. ژێدەرەكان:

- بدر، حبيب واخرون. (٢٠٠١) **المسيحية عبر تاريخها فى المشرق**. بيروت: مطبعة ايس.

-ادى شير. (٢٠٠٧) **تاريخ كلدو واثور**. دون مكان: مكتب الاستاذ.

-حتى، فليب. (١٩٥٧) **تاريخ سورية والبنان وفلسطين**. ترجمة رافق، جورج حداد وعبدالكريم. بيروت: دار الثقافة.

-خليل، عمادالدين. (١٩٨٠) **الامارة الارتقية فى الجزيرة والشام**. بيروت: مؤسسة الرسالة.

-رصوم، الاب افرام ب. (١٩١٧) **نزهة الاذهان قى تاريخ دير زعفران**. ماريد: المطبعة السريانية.

-الزركلى، خير الدين بن محمود. (٢٠٠٢) **الاعلام**. ط5. بيروت: دار العلم للملايين.

-زغلول، الشحات السيد. (٢٠٠٢) **السريان والحضارة الاسلامية**. الاسكندرية: الهئه المصرية العلمة للكتاب.

-سالم، السيد عبدالعزيز. (٢٠٠٨) **التاريخ والمؤرخون العرب**. الاسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.

-شاهين، عبدالكريم. ( دون سنة) **تراجم اعلام الكرد**. دزن مكان: دون طبعة.

-عيسى بک، أحمد. (١٩٤٢) **معجم الاطباء**. دون مكان: دون طبع.

-عيسى بک، أحمد. (١٩٨١) **تاريخ البيمارستانات في الإسلام**. ط٢. بيروت: دار الرائد العربي.

-غالب، مصطفى. (١٩٨٢) **السهروردى**. بيروت: مؤسسة للطباعة والنشر.

-كامل، مراد. البكرى، محمد حمدى. (١٩٨٧) **تاريخ الادب السريانية من نشأته الى العصر الحاضر**. القاهرة: دار الثقافة.

-مارى بن سليمان. (١٨٩٩) **اخبار بطاركة كرسى المشرق**. روما: طبع فى رومية الكبرى.

-المدارس، عبدالكريم محمد. (١٩٨٣) **علماؤنا فى خدمة العلم والدين**. بغداد: دار الحرية.

-مصيقر، عبدالرحمن عبيد عوض. ( دون سنة) **الغذاء والتغذية**. دون مكان: أكاديميا.

-الهسنيانى، صالح شيخو رسول. (٢٠١٢) **علماء الكورد و كوردستان**. دهوك: المطبعة هاوار.

**-نوال ناظم محمود-وفاء عدنان حميد (٢٠١٧) دور علماء الكرد فى الحياة العلمية فى العصر العباسى الثانى، اربيل: المؤتمر الدولى الاول للعلوم والاداب.**

سێیەم. ژێدەرەكان بە زمانی ئینگلیزی:.

- Hassani, Salim T Sal. (2005) **1001 inventions muslim heritage in our world, foundation for science technology and civilization**. 2[end] edition. Turkey: s.n.

چوارەم. ژێدەرەکان بە زمانی کوردی:

هەرشەمی، شاسوار. (٢٠١٩) مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان. سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.

پێنجەم. گۆڤار و ئارتکڵ:

أ. بەزمانی ئینگلیزی

- Sen, Zekai. (2016) ***Technology and its Place in Islamic Civilization***, Afro Eurasian Studies Journal Vol 5, Turkey. Pp 70-89.

- Uzun, Abdullah. Vatansever, Fahri. (2008) **Ismail Al Jazari machines and new technologies,** automaticam, Sakarya University i, vol,2, Turkey.

- Visser, Danieller. (2008**) a comparison of manufacturing technologies in the connection rod industry**, Department of Metallurgical and Materials Engineering, Colorado School of Mines.

ب. بە زمانی عەرەبی:

- محمود، نوال ناظم. حميد، وفاء عدنان. ( ٢٠١٧) **دور علماء الكرد فى الحياة العلمية فى العصر العباسى الثانى**. اربيل: المؤتمر الدولى الاول للعلوم والادب.

**دور العلماء في أرض الأكراد في تطوير العلوم في العصور الوسطى (6-9 هـ) (12-15 م)**

**حسين عبدالرحمان حسين**
جامعة رابرين/ كلية العلوم الانسانية- قسم التاريخ

**سەنگەر عبدالله رسول**
جامعة رابرين/ كلية العلوم الانسانية- قسم التاريخ

**ملخص**

يركز هذا البحث على حالة في أرض الأكراد بين (6-9 هـ | 12-15 م). وبعبارة أخرى، فإن هذا البحث يدل على دور العلماء والمؤسسات العلمية في تطوير العلوم العقلية. وتكمن أهمية هذا البحث في عرض موقع أرض الأكراد ضمن الفترة التاريخية المذكورة. وذلك لأن هذا المجال قد تم تجاهله بطريقة أو بأخرى، وركز الباحثون في الغالب على التطورات السياسية والعسكرية. لقد وجدنا أنه من الضروري فتح بوابة لإجراء البحوث حول هذا الموضوع. من أجل تحديد دور العلماء في العلوم الحلويات. يتكون هذا البحث من ثلاثة أجزاء. في الجزء الأول، نناقش الدين المسيحي؛ مؤسساتها، وتأثيراتها على الأكراد. في الجزء الثاني، نناقش دور العلماء في أرض الأكراد ومنشوراتهم عن التاريخ والفلسفة. في الجزء الثالث، نناقش دور العلماء في الأكراد حول العلوم مثل المحاسبة والكيمياء وعلم الفلك والطب.

**الكلمات الدالة:** مدرسة، حضارة، علوم العقلية، علوم النقلية، علوم بحتة، المنطق

**The role of the scientists in the land of Kurds in developing sciences in the central ages (6-9 H) (12-15 AD)**

**Hussein Abdulrahman Hussein** ***Sangar Abdalla Rasul***
Department of History - College of Human Scince / University of Raparin
hussein@uor.edu.krd Sangar.history@uor.edu.krd

**Abstract**

This research concentrates on the condition of in the land of Kurds between (6-9 Hi|12-15 AC). In other words, this research demonstrates the role of scientists and scientific institutions in the development of mental sciences. The significance of this research is in displaying the position of the land of Kurds within the mentioned historical period. That is because this field has somehow been ignored and the researchers have mostly focused on the political and military developments. We have found it is necessary to open a gate for conducting researchs on this subject. in order to determine the role of the scientists in the paties sciences. This research consists of three parts. In the first part, we discuss the Christian religion; its institutions, and impacts on the Kurds. In the second part, we discuss the role of scientists in the land of Kurds and their publications about history and philosophy. In the third part, we discuss the the role of the scientists in the of Kurds about the sciences such as accountancy, chemistry, astronomy, medicine.

**Keywords:** . School, Civilization, Mental Science, Transportation science, Pure Science, Logic.